# تەنها و تەنها بۆ تۆ

**بورهان مەحمود**

**ئەی نارنجیترین ڕەنگی دونیا**
**لە چ گۆشەیەکی ئەم جیهانەوە هاتوویت**
**تا لە نێو نیگا خامۆشەکانتا داگیرم بکەیت بە بێدەنگی**
**وەك منالْ لە ناو سنگی خۆتم بگرە**
**ئەی نارنجیترین ڕەنگی ناو ئەم مەنفایە**
**وەرە با لە ناو ناخی خۆمان بڕوانیین**
**حەسرەتەکانی من زەمەنێك بێ تۆ گەورە ئەبن**
**ئەی پەژموردەترین ڕەنگ**
**وەرە بڕژێ بەسەرمدا**
**وەك بێدەنگترین کەس هاتووم**
**تا بەشەونمی لێوەکانت**
**لە گوناهی ئەم سەردەمەم پاککەیتەوە**
**ئەی ڕوناتکترین شەونم**
**بەم هەموو ڕەنگەوە هیواکانی منت**
**هەڵوەراندە ناو چاوە شینەکانتەوە**
**ئەی پایزترین ڕەنگ**
**ڕەنگە لە سەمای ئەو عاشقانە تێنەگەیت**
**کە لە تەنیایدا ئەمرن**
**من چی بڵێم لەم دونیا هەنارییەدا**
**کە هیچ سەمایەکی تیا ناکرێت**
**ئەی فریشتەی خەیاڵی من**
**تەنها ساتێك با ڕێ لە نائومێدی بگرین و**
**لە ناو چاوەکانی تۆدا سەما بکەم**

**ڕەنگە بە خەیاڵ بچینەوە سەر ئەو ڕێگایانەی**
**کە لە میحنەت و تۆفانەکاندا لەیەك ئەچن**
**ئەی ئەو کەسەی کە دونیایەکت بۆ سازدام لە ڕەنگ و**
**کە ڕەنگەکانی ناچنەوە سەر هیچ یەکێك لە ڕەنگەکانی دونیا**

**ئۆکتۆبەری** 2005
**پێشەکەشە بە** Tracey Sherlock


Burhan Mahmoud (Boar)
burhan970@hotmail.com
United Kingdom.

October 2005